# بەنگەلادیشییەکان سلێمانی کورتیان هێنا

**عەلی مەحمود محەمەد**
www.anfal.be

بەنگەلادیشیەکان سلێمانی وایان زانی , سلێمانی لە بوونی ئازادی دەستەخوشك و   هاوچەشنی دەکایە , بە سەدان هەزار بڕژێتە سەر جادە , لە جیاتی گولەباران  ئاورژێن بکرێن , کەچی نەیان زانی شارێك یەك دنیا  پارکی ئازادی و گەرەکی ئازادی و گۆڕەپانی ئازادی و رۆژنامەی ئازادی و تەلەفزیۆنی ئازادی هەبێت , مەرج نییە ئازادی سیاسیشی تێدا بەرقەرار بێت , وایان زانی مامەو کاکە هاوشێوەی  باجی خالیدە زیائو خاتوو شێخ حسێنەن , هەر لە کورسی دەسەڵات دابەزین , سبەی رۆژ زوو لەگەڵ سوبحی بەیان , لە پێش جەماوەرەکەیانەوە بە دەستی بەتاڵ ڕووبەڕوی پۆلیس دەبنەوە .

هەر وڵات و پارت و ڕێکخراوێك , سەرۆکی تاکو مردنی هەبوو , یەك ملیۆن وشەی  ئازادی لە بەرامەیدا بوو , ئەوا دەست لە دیموکراسی بوونەکەی بشۆن , ئەو سستەمە دیمۆتامردنە نەك دیموکراسی , لەم کوردستانە جگە لەوەی هەموو سەرۆکەکان سەرتاپا تاکو مردنن ,, نەك شەرِی ناوخۆیی تەنانەت شەرِی خێزانیش هەڵبگیرسێنێت ,  نەك کولێرا تاعونیش لە وڵات وەك کولە ببارێت , یەك سەرەك و سەرۆك ئەبەدەن  واز لە کورسیەکەی بۆ کورە تاقانەکەشی ناهێنێت , یەك وەزیر و بەرێوەبەر و چایچی و فەڕاشی پشت قایم هەرگیزاوهەرگیز لەم وڵاتە ناگۆردرێت , یەك چۆلەگەش جگە لە هەژاران سزا نادرێت , کەچی لە ئیمارەی  ڕەجعی کوەت ,   مەعسومە موبارەك کە یەکەم وەزیرەی ژن بوو لە مێژووی ئەو وڵاتە , بەهۆی یەك ئاگری بچکۆلەوە, دەستی لەکار کێشایەوە , خۆ لەم کوردستانی وڵاتی کولێرەو تاعون و ئافاتی پەرمێزە , هەقی وایە هەر هەفتەی ئەنجومەنی وەزیرانێك ئیستقالە بکات .

سیرالیۆنییەکان  تاکو دوێنی , بە کێرد و حەربە و تەلاشە دار , سەر و  ورگی یەکتریان دەدرِی , مەیتی سەر جادەکان فریای ناشتن ناکەوتن , کەچی ئەمرِۆ پارتی دەسەڵاتداریان بە سندوقی هەڵبژاردن بۆ دەرەوەی دەسەڵات   توردا , پارتێك ئاگری 10 ساڵ سەربرین و ورگ درین و تاڵان و ماڵ سوتان و کوشت و برِی بۆیان کوژاندەوە , لێ لەبەر ئەوەی خەڵك چاوەرِوانی زیاتریان لێی هەبوو سزایاندا .

سیرالیۆنیەکان ڕابردویان نەپەرست , عاشقی داهاتوو بوون , هێمنی تێری , ئاشتیش یەکسانی و دادپەروەری  بە دوادا نەهات بۆیە ڕەتیان کردەوە , پاداشتی پارتی دەسەڵاتیان کرد بە دووجار دەنگدان , کە کاسەی گەندەڵی  دەسەڵات و بێکارکردنی هاووڵاتیان پر بوو , ئەوانیش دەنگیان لێ برِی , ئێمە زۆرمان ماوە بگەین بەو رۆژە , دەنگ بدەین بە کردار , نەك بە درۆو قەول و قەرار .

کرێکارە بەنگەلەدیشییە هاوچینەکانمان , ئەمجارە کورتیان هێنا لە دیاری کردنی کات و شوێنی خەباتی جەماوەری , ڕاستە لەسەر رۆژنامە, کوردستان لە بوونی ئازادیدا چەشنی سویسرایە , لە پێشکەوتندا دوبەی ئاسایە , وەلێ لە واقیعدا لە سیاسەت تورکمانستانە و لە ئابووریشدا مەقدیشۆیە , چەندین فرسەخ ڕێگا لە دوای دەکا و سیرالیۆنەوەیە , کەی لە دیمۆتامردنەوە بوو بە دیموکراسی ,  ئەوسا شەقامی سەهۆڵەکەو باتا , دەبن بە داکا .